# لەپاڵ ئەو مانگرتنەی کادیرانی تەندروستی

## نامەیەکی کراوە بۆ دکتۆر زریان وەزیری تەندروستی

دوای پیرۆزبایی کردن لە دەسبەکاربوونی بەرێزت وەک وەزیری تەندروستی ئێمەی کارمەندانی تەندروستی دەوروبەری شار داواتان لێدەکەین کە بەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیراندا بچیتەوە، کە سەبارەت بە بێبەشکردنی کارمەندانی دەوربەری شارە لەو پارچە زەوییەی کە وەک ماف حکومەت بە کارمەندانی دەبەخشێت بڕیارەکە دەڵێت:- نابێت زەوی بە فەرمانبەرانی دەوروبەری شاری هەولێر بدرێت، ئەگەرچی وەک خزمەت خاڵی لەسەرووی پێویستیشیان هەبێت، وخەڵکی نێو شاریش بن، (سەیرەکە لەوەدایە ئەو بڕیارە شاری دهۆک کە دەکەوێتە دووتوێی هەمان حوکمرانییەوە ئەو بڕیارەی بەسەردا ناسەپێ).

ئەو بڕیارە ئەگەر پەیوەندی بە مەسەلەی سیاسیەوە نەبێت، دیارە وەک بیرکردنەوە راڤەکردنێکی دیکە بۆ مافی هاوڵاتیبوون لە کوردستاندا، بۆیە ئەنجومەنی وەزیران زۆر بوێرانە بە ئەرکی خۆی دەزانێت فەرمانبەرانی دەوروبەری شاری هەولێر لەو مافە بێبەری بکات، و وەک هاوڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لە تەکدا بکات، لەو بۆچوونە دەگەینە ئەوەی کە زەوی بەخشین بە فەرمانبەران لە (هەولێر) وەک ماف تەماشا نەکراوە، بەڵکو وەک دیاری سەیر دەکرێت.

کەواتە لە پشت ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران دوو بیرکردنەوە ئامادەیە، یەکەمیان خۆی لە بێنرخکردنی دانیشتووانی شاری هەولێر بە گشتی و دانیشتووانی گوندو ناحیەو قەزاکان بە تایبەتی هەڵدەگرێتەوە، لە تەنیشت ئەوانیشەوە بێنرخکردنی فەرمانبەرو خزمەتەکەیان بەرجەستە دەبێت.
بە کەم سەیرکردنی هەموو ئەوانە لە پاداشتی ئەوەیە کە هەمیشە دەوروبەری شار وەک مەڵبەندو تەغزییەپێدەری پێشمەرگە بووە، ئەو کورسییەی کە ئێستا ئەنجومەنی وەزیران نازی پێوە دەکەن بە قوربانی ئەوانەوە بەندە. دووەمیش دەشێ بە دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە پەیوەست بێت کە بەردەوام حکومەتی کوردستان زۆر بە هەرزانی لە بازاری میدیاکانیدا دەیفرۆشێت و لەوێشەوە لەگەڵ سادەگۆیی خەڵکی خۆی تێکەڵدەکات، بەڵام لە پشتەوەش گاڵتە بە بچوکترین مافیان دەکات.
داواکاری ئێمە ئەوەیە جەنابت وەک وەزیری تەندروستی چاو بەو بڕیارەدا بخشێنیتەوە، ئەگەر توانای گۆڕینیشتان نەبێت بڕیاری ئەوە بدەن کە ئێستا لە ناحیەکان دەنگۆی زەوی دابەشکردن هەیە، با وەک هاوڵاتی پلە دوو لەوێ زەویمان پێببەخشن .

کادیرانی تەندروستی دەوروبەر
8/10/2006